## قاسم:

عـيمادو حوسەين لەناو ڤيتارەكەدا بەجێ ديڵێن وسەرێك لە برا پزيشكەكەی عـيماد دەدەيـن. قاسم رۆژ بەرۆژ دەوڵەمەندتر دەبوو، بەيانـيان لـە نەخۆشخانەی دەوڵەتـيدا كـاری دەكـرد وئێوارانيش لە عەيادەكـەی خۆيـا نەخۆشـی دەبيـنی، ئەڵبەت حەفـتانە سێ رۆژ لە نەخۆشـخانەی دەوڵـەتیو سـێ رۆژەكـەی تـر لـە نەخۆشـخانەيەكی ميللـيدا- كـەخۆی لەگـەڵ چەند پزيشكێكدا وەك كومپانيايەكيان لێ كردبوو- كاری دەكرد.

قاسـم جگە لەپارە بيری لەشتیێتر نەدەكردەوە، و وەك مرۆڤێكی چـەند شەخسييەتی لێهاتبوو. كە رۆژانی يەك شەممە وسێ شەممە وپێـنج شـەممە دەرۆيشـتە خەسـتەخانە دەوڵەتـيـيەكەوە گوێـی بـە نەخۆشـەكانی نـەدەدا و پـياوێكی زبـرو بـێ بـەزەيی بوو، بەچاوێكی سـوكەوە سـەيری نەخۆشـەكانی دەكـرد، زۆر بەپەلـە چـارە سـەری دەكـردن، و بەپەلـەش نـاوی دەرمانـەكانی بـۆ دەنووسـين، كـاتێ نـــەخۆش لـــەبارەی خواردنـــيەوە پرســـياری لێ بكـــردايە، زۆر بێحەوسـەلانە لـەوەلاما دەيگـوت: "هەرچـيت دەوێ بـيخۆ"، ئـەو هـەندێجار بەسـەر نەخۆشـەوە ئەيقيڕاند: بۆچ پارێزی نەكردووە و هـەموو رۆژێ كـاتی نەخۆشـخانە دەگـرێ؟ كـاتێ كەسـەعاتی كـاری

تەواو ببوایە ئامادە نەبوو تەنیا نەخۆشێك ببینێ، ئەگەر ئەو نەخۆشە لە سەرەمەرگیشدا بوایە گوێی پێ نەدەدا، بەرگی خۆی دەگۆڕی و بەپەلە جانتاکەی دەستی هەڵدەگرت و لەنەخۆشخانە دەچووە دەرێ..

قاسم معاشێکی زۆری لە نەخۆشخانە دەوڵەتییەکە وەردەگرت، لەگەڵ ئەوەدا کە خۆی ئەیزانی ئەو معاشەی ئەم وەری دەگرێ لەراستیدا ماڵی خەڵکییە، چونکە خەڵك باج بە دەوڵەت دەدەن. بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا بەرامبەر بەنەخۆشەکان ئینسانێکی بێ موبالات بوو.

قاسم کە رۆژانی شەممە ودووشەممەو چوار شەممە لە نەخۆشخانە میللییەکەدا کاری دەکرد شەخسێکیتر بوو. چونکە دەیزانی ئەوانەی دێنە ئەوێ زۆر دەوڵەمەندو پارەدارن و شەخسیەتێ زۆرگەورەیان هەیە، ئەمانە هۆن بۆئەوەی کە ئەبێ ئەو میهرەبان بێ، زیاد لەوە مەسەلەی شۆرەتی نەخۆشخانەکەش لە ئارادا بوو، ئەبوا بەرەوشتی باشی خۆی لە گەڵ نەخۆشەکاندا پڕوپاگەندەی بۆ بکات.

لەبەر ئەم هۆیانەی باسکران قاسم لە گەڵ نەخۆشەکاندا زۆر رووخۆش و بەماریفەت بوو، هەوڵی دەدا هەموو هونەر و پسپۆڕی ویاساکانی دەروونناسی لە رەفتاریا بەرامبەر بەنەخۆشەکان بەکاربێنێ. سەرەتا راسپاردەکەی ("تۆماس"ی دەروونناسی ئەمریکایی) جێبەجێ دەکرد، بزەیەکی لەبەرامبەر نەخۆشەکەوە دەگرت و پاشان بەئارامی لێی دەپرسی: حاڵتان چونە؟ و ئەوسا دەستی دەکردە فەحس کردنی. زۆر بەوردی دەیپشکنی، بۆ دۆزینەوەی هۆی نەخۆشییەکەی هەموو توانای خۆی بەکاردەهێنا و دواییش ئارەزووی چاك بوونەوەی بۆ دەخواست.

رۆژێ کە ئەو لەنەخۆشخانەی میللیدا کاری دەکرد، روو بەڕووی نەخۆشێك بووەوە کە دوو هەفتە لەوەبەر لە نەخۆشخانەی دەوڵەتیدا بینیبووی، دکتۆر پێی سەیر نەبوو چونکە هەندێ کات دەوڵەمەندە چەکلەکان دەچنە نەخۆشخانەی دەوڵەتییەوە، لەبەرئەوەی کەئەنجامێکیان دەست ناکەوێ دێنەوە بۆ تایبەتەکان. پاش ئەوەی قاسم فەحسێکی وردی کرد پێی گوت: تۆ شەکرەی لەشت بەرز بووەتەوە، و زیاد لەوە جگەریشت بەباشی کار ناکات!!

پیاوە نەخۆشەکە بە پێکەنینێکەوە گوتی: زۆر سەیرە من لەم ماوەدا کە یەك ملیون تمەن پارەم لە فەحس و تاقیکردنەوەدا خەرج کردووە هەموو شتێکم گۆڕاوە.. تۆ دووحەفتە لەمەوبەر بەمنت گوت: نەخۆشی دڵت هەیە، زیاد لەوە کەهەرگیز لەتەك منا

ئەوەندە روخۆش ومیهرەبانانە قسەت نەكردووە!! كاتێ كە داوامكرد سەیرێكی پێم بكەیت بەتووڕەییەوە یەخەت گرتم و لەژوورەكە رۆیشتیتە دەرەوە و لەوێ هاوارت كرد: من ناتوانم لێرەدا كەسێك كە سێ نەخۆشی هەبێ سێ فەحسی بكەم. بەلاّم ئێستا بە میهرەبانییەوە ئەحواڵم دەپرسی و پەیتا پەیتاش ئەپرسیت:" نارەحەتی ترت نییە"؟! تف لەو پارەیە كە هەموو شتێكی ئینسان ئاوا دەگۆڕێ، ئایا ئینسانێكی بێپارە هەستی نییە، كە ئێوەی دكتۆر ئاوا بێ بەزەییانە لەتەكیا رەفتار دەكەن؟ ئایا ئێوە نازانن كە لەم دنیایەدا و لەهەندێ ولاّتا پزیشكەكان ناچار دەكرێن تا نیوە رۆژێك لەبەر خاتری خەڵكی و نیورۆژیش لە كێڵگەكانی برنجدا كار بكەن؟ ئایا ئێوە وا بیر دەكەنەوە كە هەمیشە دنیا بە ئاواتی ئێوە دەبێت؟ لەكۆنەوە گوتویانە: كە، دەرگا هەمیشە لەسەر پاژنەیەك ناگەڕێ.

بیستنی ئەم قسانە قاسمی هەژاند، چونكە هەرگیز بەتەمای ئەوە نەبوو كە نەخۆشێك ئاوەها بەڕوویا هەڵشاخێتەوە، زۆر هەوڵیدا كە خوێن ساردی خۆی بپارێزێ، بە ناڕەحەتییەكەوە گوتی: ئەگەر تۆ من بە دكتۆرێكی زاناو لێهاتوو نازانی ئیتر بۆچ هاتویت بۆلام؟

نەخۆشەكە لەوەڵامدا گوتی: من نەمزانیوە كە تۆ لێرە كاردەكەیت، دڵنیابە كە هەر ئەمڕۆ حەق وحسابی خۆم تەسلیمی نەخۆشخانە دەكەم ودەڕۆم بۆ شوێنێكی تر، بەلاّم ئەوەی لە تۆم دەوێ ئەوەیە: "كەمێ ویژدانت هەبێ".

ئەم وشەیە وەك چەكوشێ بەسەر قاسمدا كەوت، وشەی "ویژدان"شوێنەوارێكی گەورەی لەوا هەبوو، ئەو لەگەڵ بیستنی ئەو قسەیەدا دواین لەحزەكانی ژیانی باوكی بیر كەوتەوە كە لە كاتی گیان دەرچوونیا داوای لەو و لەبراكانی تری دەكرد: هەمیشە ویژدانتان لەبەرچاوا بێت و گوێ بۆ هاوارەكانی بگرن. بەلاّم ئەم جارەیان نەخۆشەكە بایەخێ تایبەتی بە وشەی "ویژدان" دا، لەوانەیە قاسمیش وا بیری كردبێتەوە.

بەهەر حاڵ شەوانە پاش ئەوەی كە دەیان نەخۆشی دەبینی ئەگەڕایەوە بۆ ماڵ، ئەم شەو حاڵێكی عادی نەبوو، بەماندووییەوە لەسەر قەنەفەكەی دانیشت، جگەرەیەكی داگیرساند، بۆ یەك لەحزە لە خۆی پرسی: ئاخر ئەم هەموو هەوڵەی من بۆ بەدەست هێنانی پارە بۆ چییە؟

پاشان چاوێكی بە دیكۆری ژووری پێشوازیەكەیدا خشاند، كۆمەڵە دۆلاّبێكی لەدار گوێز دروستكراو، نەخشی بەرجەستەی

بەشێوەیەکی هونەرمەندانە لەسەر کراو، بەڵام وەك جاران سەرنجی ڕانەدەکێشا، لەهەر نهۆمێکی خانووەکەیا شتانێکی نایابی قەدیمەی تیابوو، بوکڵەی گران قیمەت، قیتاری بچکۆلەی کارەبایی، فوتووی ئەنگوستیلەی نایاب دەبینرا.. قاسم لەبیری نەبوو کەچەندەی پارە بەوانە داوە، ملیۆنێك، دوو ملیۆن، دەملیۆن یا زیاتر!!

لەسەرەتاوە ئەم شتانە بۆ ئەو سەرنج ڕاکیش بوون بەڵام ئێستا عادەتی بە هەموویانەوە گرتووە، و بە بینینیان هیچ خۆشییەك ناچێژێ. بەڵکو وایدەزانی بوونیان هۆی دڵ ناڕەحەتییە، ناکاو بەدەنگێکی نیسبەتەن بەرز لەخۆی پرسی: من دەمەوێ چەند ساڵی تر بژیم؟ پاشان ئەو وتارەی بیرکەوتەوە کە بایۆلۆجییەکی فەرەنسەیی لەگوڤارێکی پزیشکیدا بڵاوی‌کردبووەوە و تیایا گوتبووی:"لەبەر ئەوەی کەهەوای دەوروبەر ئاوێتە بووە، سنووری تەمەنی مرۆڤەکان بەخێرایی دێتە خوارێ و لەوانەیە تا چەند ساڵێکی تر بگات بە پەنجا".

قاسم بەئەسپایی بەخۆی گوت: من ئێستا چل ساڵم، بەپێی ئەم ئامارە — ئەویش ئەگەر تووشی کارەساتی ترومبێل و ڕووداوی ناگەهانی و مەرگی کتوپڕی نەبم — تەنیا دەساڵی تر دەژیم، یا ئەوپەڕەکەی تا بیست ساڵی تر، ئایا ئەم ژیانە سنووردارە ئەوە دێنێ کەئەم هەموو ڕەنج و ئازارەی بۆ بکێشرێ؟ هەرلەبەیانییەوە تا ئێواری ئینسان خۆی بڕەتێنێ و دوایش سەردڵی خۆی بەوەخۆش بکات کە ئاپارتمانێکی جوان، ترومبێلێکی مارسدیسی مۆدیلی نوێ، یا یەك فوتووی ئەنگوستیلە دارکراو، ئەو فوتوەش لەناو ئەوقەفەزەدا دابنرێت، باشە ئەمە ئەوپەڕی گێلیەتی نییە؟

قاسم پێلووەکانی چاوی نا بەیەکداو گوتی: تەماع و ئاواتەکانی ئینسان هەرگیز دواییان نایەت.

پاشان، ئەورۆژەی هێنایەوە یاد کە لەپیشانگای تابلۆ گران قیمەتەکانی پاریس بوو، پیاوێکی پیری پارەدار تەنیا تابلۆیەکی بەهەشت ملیۆن تمەن کڕی[13]، بەڵام تەنیا سێ دەقیقە پاش تەواو بوونی مامەڵەکە و هێنان وبردنی قەواڵەی کڕینەکەی لەبەرامبەر پیشانگاکەوە کابرا کەوت و گیانی دەرچوو.

قاسم چاوەکانی هەڵهێنا و جارێکی تر بەدیکۆری ژووری پێشوازییەکەیدا چاوی گێڕا و لەسەرخۆ گوتی: ئەو ڕووداوە دەیتوانی پەندو عیبرەتێ بێ بۆمن کەنەبوو، و من بەکڕینی تابلۆیەکی گران قیمەتەوە گەڕامەوە، ئالەم کاتەدا ڕووی خۆی

13 - هەشت صەد ملیونی ئەمڕۆ دەکات. وەرگێر.

وەرگێڕاو بە تابلۆکەی سەرسام بوو، تابلۆیێ کەبە هەشت سەد هەزار تمەن کڕی بووی،[١٤] ئەگەر بڵێی شتێکی سەرنج ڕاکێشی تیا نەبوو، بەڵام ئەو زیاد لەسەد جار پیشانی هاوڕێکانی دابوو، وە بەغرووریێکی زۆرەوە سینەی دەر ئەپەڕاند و ئەمە کە توانیویەتی لە بەرنامەی هەرڕاجیدا لەدەستی پارەدارێکی مەکسیکیدا دەریبێنێ بەزیاد کردنی قیمەت لەسەری، و خۆی ببێتە خاوەنی هەستی بە غروور و ئازایەتی دەکرد.

وە هاوڕێکانیشی کە بۆ سك پڕکردن بۆماڵی ئەو هاتبوون سەریان بۆ ئەلەقاند و بۆی پێدەکەنین وبەخ بەخیان بۆ دەگوت، و زرنگی وئازایەتی ئەویان تەعریف دەکرد. لەراستیا قاسم خۆی دەیزانی کە ئەوانە هەموو حەرەکاتەکانیان دەستکردو مەراییە و هیچکامیان تابلۆکەیان بەدڵ نەبوو..

قاسم هەستاو هاتە بەردەم تابلۆیەکەو خۆی بەخۆی دەگوت: توخوا ئەمە شێتیەتی نییە کە هەشت سەد هەزار تمەن پارەم بەم تابلۆیە داوە؟

ئینجا جانتاکەی دەستی کردەوە کەلەسەر مێزەکە دایناب‌وو، ئەو

14- هەشتا ملیۆنی ئەمڕۆ. وەرگێڕ.

ڕۆژە لە نەخۆشخانەی تایبەت پارەی وەرگرتبوو،حەقی پانزە ڕۆژ کاری ئەوێی سیی هەزار تمەن بوو[١٥]، بەستە پارە بەسەر یەکدا کەوتبوون. قاسم، خۆی بەخۆی ئەگوت: ئاخر من دەمەوێ بەم پارانە چیبکەم؟ جارێکیتر شتێکی عەتیقەو نایابی پێ بکڕم، یا یەك تابلۆی تر، یا بڕۆم بۆ پاریس، لەندەن، هامبۆرگ ونیوْ یۆرك؟ هەستی دەکرد کە دیتنی ئەو شارانە تەنیا بۆ یەکەم و دووەم جار سەرنج ڕاکێش بوون، ئێستا ئیتر سەردانیان تامی تیا نەماوە.

جارێ تریش لەخۆی پرسییەوە: من دەمەوێ بەم پارانە چیبکەم؟ سەندنی چەند هەزارمەترێ زەوی لە یوسف ئاوا، کە ساڵێکی تر چەند بەرابەر زیاد دەکات، هەمدیسان خانوویەکی گەورەتر، ئاخر من تا چەند ساڵی تر دەژیم؟ پاشان ڕواڵەتی ئەو نەخۆشە خەمبارەی هاتەوە پێشچاو کەدوێنێ پێی گوتبوو: تۆ گوتبووت کە بۆ چارەسەرکردنی برینەکەی گەدەم ئەبێ کەبابی زیاتر بخۆم، بەڵام باوەڕ بکە کە ناتوانم، ئەگەر بمەوێ لەرۆژێکدا کەباب بخۆم دەبێ خێزانەکەم برسی بن، ئێمە عادەتەن بە سێ سیر گۆشت ئاوگۆشتێ بۆ دووژەم دروست دەکەین، ئەوکاتە چۆن من دەتوانم هەموو ڕۆژێ کەباب بخۆم؟

15- بەحسابی ئەمڕۆ سێ ملیۆن تمەن.وەرگێر.

ناكاو قاسم لێوەكانی خۆی گەزی، وەك ئەوە بەبیركەوتنەوەی قسەی نەخۆشە هەژارەكە شەرم بیگرێ، پاشان بەپێی لەرزۆكەوە بەرەو یەخچاڵەكە ڕۆیشت، ویستی كەسەری قاپە عەرەقەكە لاببات و بەقومێ شەراب دەنگی ویژدانی بتاسێنێ. بەڵام كاتێ دەرگای یەخچاڵەكەی كردەوە دیتی قاپەكە خاڵییەو عەرەقی تیا نەماوە، بیری كەوتەوە كە چەند ڕۆژێ لەمەوبەر تەواوی كردووە وبەڵام لەبیری چووە قاپێكی تر بكڕێتەوە، ویستی بیری خۆی بەشتێكی ترەوە مەشغووڵ بكات، تەلەفزیۆنەكەی كردەوە، دیسان هەرهەمان قسەی وشك و بێتام بوو، تەلەفزیۆنەكەی داخست، جارێكی تر سەری لەژووری پێشوازی دایەوە، لەلای ڕاستی دیكۆرەكەوە یەكێ لە چاوەكانی دۆڵابەكە تایبەت بەكتێب بوو، لەناو كتێبەكاندا یەك قورئانی گەورەی تیابوو، كە بەرگێكی زەڕكەفی بۆ كرابوو، قاسم لەبیری نەبوو كەتەنیا جارێكیش ئەوقورئانەی لەشوێنەكەی خۆی دەرهێنابێ وتەماشایەكی ئەوی كردبێ، بەڵام ئەو شەوە خۆیشی نەیدەزانی كە بۆچ بێ ئیختیار بەرەو دۆڵابەكە ڕۆیشت وئەوی دەرهێنا.

ئەو قورئانەكەی تەنیا بۆ ڕازاندنەوەی دیكۆرەكە كڕیبوو، تا بەهاوڕێكانیشی بڵێ: بەڵێ، لەبارەی مەسایلی ئاینیشەوە خوێندنەوەمان هەیە، بەڵام ئەم شەو ئالەم كاتەدا نیازی خۆدەرخستنی نەبوو، ئەسڵەن هەر نەیدەزانی بۆچ تەماشای دەكات، ئەو زۆر بەناڕەحەت ئەیتوانی مەتنی عەرەبییەكەی قورئان بخوێنێتەوە، هەرگیز باوكی قورئانی فێر نەدەكرد، تەنانەت یەك ئایەتیش. قاسم چاوێكی بەتەرجومەی فارسییەكەیا خشاند، یەك ڕستە سەرنجی ئەوی ڕاكێشا:" كاتێ ئینسان خۆی بە دەوڵەمەند و بێ نیاز زانی هەست بەسەركەشی و یاخی بوون دەكات"[١٦]. قاسم قورئانەكەی پێكەوە دا و خستیەوە جێگەی خۆی، و پاشان لەژێر لچەوە بەخۆی گوت: چ ڕستەیەكی پڕ واتا!!

ئاخر كڕینی تابلۆیەكی هەشت سەد هەزار تمەنی و قوتوە جگەرەیەكی بیست هەزار تمەنی، یاخی بوون و سەركەشی نییە؟ لەهەموو ئەمانە خراپتر، تاوان نییە؟ ئاخر من ئەمەوێ ئەم هەموو پارەیە چی لێبكەم؟ ئەم ڕستە قورئانیە بۆ ئەو سەرنج ڕاكێش بوو، بەڵام ئەو لە دنیایەكی دژە ئایندا ڕۆ چووبوو، و نەی دەویست خۆی بەئاینەوە پێبەند بكات.

# # #

ئالەم كاتەدا دەنگی زەنگی تەلەفوون هات، كاتێ هەڵی گرت

16- واتای ئه م ئایه ته یه:"كللا إن الإنسان لیطغی أن رآه استغنی". سوره تی العلق، ئایه تی/٦و٧.

دەنگی جەعفەری برای بەرگوێ کەوت، کە بە شێوە دەنگێکی لەرزۆك گوتی: قاسم ئەوە تۆی؟

قاسم لە دەنگی لەرزۆك ولاوازی ئەو سەرسام ببوو، لەوەڵامدا گوتی: بەڵی خۆمم..

جارێکی تر گوێی لە جەعفەر بوو کە گوتی: من پێویستم بە یارمەتی تۆ هەیە، هەرچی زووتر بگەیتەلام باشترە، من لە نەخۆشخانەی" ئەڵوەند" کەوتووم.

قاسم بە ترسێکی زۆرەوە گوتی: لە نەخۆشخانەی؟ بۆ چی؟ لە بەر چی؟

-: کاتێ هاتیت هەموو شتێ دەزانی، من بەتوندی ترومبێلەکەم لێی دراوە، ولەوانەیە بە زیندوویی نەمێنم.

قاسم تەلە فوونەکەی دانا و بەپەلە بەرەو دەرگای دەرەوە رۆیشت، خۆیشی نەیدەزانی چۆن چووە ناو ترومبێلەکەوە و لەماڵ چووە دەرێ. ئەوتەنانەت بواری ئەوەی بەخۆی نەدا دەرگای ماڵەکەی دابخات، لەناو رێدا هەر بیری لەبراکەی دەکردەوە، بەتایبەت کە جەعفەر تازە لەم ماوە پێشوودا ئەوی لەیەك مەترسی گەورە رزگار کردبوو، ئەو یەك هەنگاوی بۆزیندان مابوو، بەڵام جەعفەر دەسەڵاتی خۆی بەکارهێنا و ئەوی لەزیندان رزگار کردو تاوانەکەی لەسەر لابرد، ئێستا ئەو برا میهرەبانە لە مەترسی مەرگدایە.

قاسم بەپەلە پێی بە بەنزیندا دەنا، هیچ بیری لەوە نەدەکردەوە کە مەترسی مەرگی خۆی هەڕەشەی لێ دەکات، چونکە دەگونجا هەر لەحزەیەك لەگەڵ ترومبێلێکی ترا لەیەك بدەن.

ماوەیەك پاش ئەوە ترومبێلەکە گەیشتە بەردەم نەخۆشخانەکە، قاسم بیری لەوە نەکردەوە کە لەجێیەکی گونجاودا رایبگرێ. بەدەستەوسانی لەو هاتەدەر وبەرەو نەخۆشخانە غاری دا.

دەرگاوانی نەخۆشخانە رێی ئەوی گرت وگوتی: ئاغا بەم کاتی شەوە بۆ کوێ دەچی؟

قاسم گوتی: من پزیشکم، پزیشکی نەخۆشخانەی میللی.. گوایا براکەم ترومبێل لێیداوە و ئەویان بۆ ئێرە هێناوە.

دەرگاوان گوتی: ئاه بەڵێ ، ئەو براوەتە ژووری نەشتەر کارییەوە لەنهۆمی دووەم بەشی فریا گوزاریدایە.

قاسم بەرەو رووی بینایەکە رۆیشت و پاش ماوەیەك چووە پەنای سەری براکەی، دیتی هەموو سەرو رووی پێچراوە جگە لە

دوو چاوەکەی. لەگەڵ چاوی پێکەوت جەعفەر گوتی: ئای‌براچەند باش بوو هاتی، تەلەفوونیان بۆ عیماد کرد کەچی گوتیان: لەماڵەوە نییە و گوایا بۆ چەند رۆژێ رۆیشتووە بۆ مەشهەد.

قاسم گوتی: ئۆی براگیان، وەزعت چۆنە؟

-: خراپ نیم، تازە، نزیکەی دوو سەعاتێك دەبێ هۆشم وەبەر هاتۆتەوە، یەك سەعات لەژێر عەمەلیاتا بووم، پێکدانێکی سەخت وبەهێز بوو.

کەوابوو خوا رەحمێکی زۆری بووە کە ماوی.

جەعفەر بەدەنگێکی لەرزۆکەوە گوتی: هێشتا مەعلوم نییە کە بمێنم. لەبەر ئەوەش بوو دکتۆرەکان رێیان دا لەگەڵ تۆدا قسە بکەم. من دەمەوێ وەسێتی خۆم بکەم. باش گوێ بۆقسەکانم بگرە.

قاسم بە پەرێشانی‌یەوە گوتی: تۆ نامریت و ئەبێ بەزیندوویی لەناوماندا بمێنی.من خۆم دکتۆرم و نایەڵم بمری، خۆم هەموو توانای خۆم بەکاردێنم و ئەگەر هەر نەمتوانی یارمەتیش لەهەموو دکتۆرەکانی تر وەردەگرم. تەنانەت ئەگەر ئەوان هەر نەیانتوانی خۆم دەتبەم بۆ پاریس و تەلەفوون بۆ پرۆفیسۆر"ونسان"ی هاوەڵم دەکەم کە بەفرۆکەکەی خۆیەوە بگاتە ئێرە، من نایەڵم تۆ بمری، من لوتفی تۆم لەبیرەو فەرامۆشم نەکردوە کە چۆن تۆ منت لەزیندان رزگار کرد، ئێستا نۆرەی منە تۆ لە مردن رزگار بکەم.

جەعفەر قسەکەی پێ بڕی وگوتی: برا، دەرکی هەست وسۆزی تۆ بەرامبەر بەخۆم دەکەم، بەڵام زۆر شت هەیە کە لەدەست من وتۆدا نییە. مەرگ وژیان بەدەست ئێمە نین ، بەدەستی خودان، ئەڵبەت ئەزانی کە من وتۆ ئینسانێکی ئاینی نین، بەڵکو ئێمە دژی دینیش بووین، بەڵام من ئەمڕۆ سەر لەبەیانی هەستم بە بوونی خودا کرد، هەر ئەم بەیانییە کاتێ لەناو ترومبێلەکەدا بووم لەجادەی "چالووس" دوە لێم دەخوڕی، ناکاو یەك لۆری گەورە بەخێراییەکی زۆر تیژ لە بەرامبەرمەوە هات، من بۆ ئەوەی خۆمی لێ لابدەم بەلای راستا جڵەوەکەم وەرچەرخاند و بەداخەوە بەرەو کەندەڵانەکە تلێر بوومەوە. ترومبێل وەك باڵ گرتنەوە باڵی بەرەو کۆتایی کەندەکە گرتەوە، سەرو روو ولەشم ئەیدا بەم لاو بەولادا، من هەستم بە مردن کرد وچەند جاریش هاواری خودام کرد و داوای کۆمەکم لێکرد. خۆیشم پێم سەیر بوو کە ئاوەها لەناکاودا باوەڕم بە خودا بۆ پەیدا بوو. ترومبێل لە کۆتایی کەندەڵانەکە خۆی گرتەوەو خۆشبەختانە ئاگری تێبەرنەبوو، دەنا هەر بەزیندوویی دەسوتام.

ماوەیەکی پێچوو کەخەڵکی هاتن و دەریان هێنام و بردمیانە سەر جادەکە، ئیتر بێهۆش کەوتم کاتێ چاوم کردەوە لەنەخۆشخانە خۆم بینییەوە. دکتۆرەکانی ئێرە هەوڵێکی زۆریان دا کە رزگارم بکەن، چەند عەمەلیاتێکی نەشتەرکارییان بۆ کردم، بەڵام ئەگەر راستیت دەوێ من پێم وایە کەبەم زوانە ئەمرم.

برا، تۆ دەزانی کەمن پیاوێکی خراپ و ناپاك و پیس بووم، ئەمە لەمن ببیستە کە ژیانی ئاغایەتی ئینسان زوو هەڵ دەخڵەتێنێ، من ئەزانم تۆیش وەك من کەوتیتە سەر ئەم رێگایە، واتە: رێی پارە پەیاکردن، تەواوی هەوڵەکانمان بۆ ئەوە بوو کە هەتا زۆرتر دەوڵەمەند ببین، کاری من داوەری بوو، من لەسەرەتاوە کەسێکی بەویژدان بووم، بەڵام دیتت سەرابی ژیانێکی زرق وبرقاوی چۆن هەڵی خڵەتاندین؟!

من بە تەدریج کەوتمە ناو گەڕاوی ژیانی برژوازییەوەو تیایا نقوم بوم، ئەم جۆرە ژیانە ئینسان دەگۆڕێ، لەراستیدا مرۆڤ وەك ئاژەڵی لێ دێ، من ئەڵێم: ئاژەڵ، باشتروایە بڵێم: مرۆڤ دەبێ بە شتێکی تر، لەم دواییەوە کە لە ترومبێلە سێ سەدهەزار تمەنییەکە دادەنیشتم و پاڵم لێ دەدایەوە، و پاشان کە سەیرێکی ئەو خەڵکەیشم دەکرد ریزێکی دووریان بەستووەو بەو سەرما زۆرە

چاوەڕوانی پاس دەکەن، نەك لەدیتنیان تەنیا ناڕەحەت نەدەبووم بەڵکو هەستم بە غروور دەکرد و پێم شانازی بوو!! لەتەك خۆما بیرم دەکردەوەو دەمگوت: بێگومان من زۆر گرنگ بووم!! وردە وردە خەرجی ژیانم سەردەکەوت، و ناچار دەبووم دەست بدەمە سازش وخراپەگەلێکی تازە. تۆ خۆت لەژیانی من ئاگاداری بەڵام ئێستا من وەك گوناهکارێکم کە دەیەوێ بە ددان پیانان بە تاوانەکانی خۆیا لەباری گوناهەکانی کەمێ سووك بکات. ئەگەر راستیت دەوێ من دەم ویست ببمە پیاوێکی ئایندار، چونکە بەشی زۆریانم بە کەسانێکی ریاکار و مەرایی باز دەزانی، بەڵام ئایا ریا کاری ئەوان دەیتوانی بیانوویەك بێ بۆ ناپاکی من؟!

جەعفەر بەپەلە قسەی دەکرد وەك ئەوە بترسێت عیزرائیل گیانی بکێشێ ونەتوانێ قسەکانی خۆی باس بکات، پاش چەند لەحزەیەك بێدەنگی دەستی پێکردەوەو گوتی: راستیت دەوێ من لە باش بوونی ژیانی خەڵکی نا ئومێد بووم، خۆم لەناو حەسارێکی چواردەورە گیراو بە گزی و درۆ و ریاکاریدا دەبینی، پاشان بەخۆمم گوت: دەواز بێنە با منیش لەززەتی ژیان بچێژم، بەڵام ئێستا دەبینم کە ماوەی ئەو خۆشگوزەرانییانە چەند کەم بوون. باوەڕت بێ وەك چاو تروکانێك دێتە پێش چاوم، ماوەیەکی تر ئەو

هەموو غروورانە، و ئەو هەموو شانازیانە پووچ بوون. ئەو ناونیشانە گەورەو قەبانەی کەدۆستەکانم لەلاپەڕەی نامەکانیاندا ئەیان نووسی هەموویان دواییان هات، من دەمێنم و تەنیا تۆماری ڕەشی کردەوەکانم. ئەو تۆمارەی پڕە لە بێ عەدالەتی و فەزڵدانی پارەدار بەسەر بێپارەدا و ئەو داوەرییانەی کە خۆم بەئاشکرا وبە تەواوی بێ عەداڵەتییەوە ئەنجامم داون. تۆ نازانی ئێستا من چەند لەمردن دەترسم؟!

ئەڵبەتە من لەسەرەتاوە وانەبووم، ڕۆژێ لە دوا ناوەندیدا وانەیەکمان دەخوێند و مامۆستایەك پێی دەگوتین کە خۆی زۆر بەرۆشنبیر دەزانی، لە ژووری دەرسا گوتی: "ئێستا ئەوە سەلمێنراوە کەخەڵکی ڕێی ڕزگارییان بۆ نییە، ژیان هەر ئەمەیە کە هەیە، درۆ و گزی و چاو و ڕاو و دەستبڕی، زوڵم و مەزلۆمبون، سەرەنجام مەرگ و بێ زیندووبونەوە."

ئەو ئەیگوت: "ئەوەی لە جیهانی حەقیقی وواقیعیدا هەیە بێ هیوایی و ڕەشبینییە، هیوای وەزعێکی باشتر فێڵ لە خۆ کردنێکەو بەس، باوەڕبوون و ئیمان نیشانەی نەزانین و کەم فامی یە."

ئەم قسانەی ئەو کارکردێکی سەیری لە منا هەبوو، کاتێ لە قوتابخانە گەڕامەوە بۆ ماڵ ئەم قسانەی مامۆستام بۆ باوکم گێڕایەوە، ئەو تەنیا گوتی: مرۆڤ دەبێ بە ویژدانی خۆیەوە پێبەند بێ، وبەچاکی وباشی بیربکاتەوە.

دیار بوو کە ئەونەیدەتوانی وەڵامێکی وام بداتەوە کە قەناعەتم پێ بکات، ئەو تەنیا بایەخی بەویژدان دەدا و بەس،ئەڵبەتە ئێمە هەموومان هەوڵمان دا کە قسەکانی ئەو بگرینە گوێمان، بەڵام پاش مردنی ئەو کاتێ چوینە مەیدانی واقیعی ژیانەوە دیمان کە دروشمەکانی ڕەوشتی ویژدانی بەکەڵکمان نایەت، بۆ بەدەستهێنانی پارە پێشبڕکێیەك لەنێوان هەموو خەڵکیدا دروست ببوو، ئەگەر کەسێ لەم پێشبڕکێیە بەشداری نەکردایە بەتەمبەڵ و بێ توانا و عاجز بانگ دەکرا. جارێکی تریش پێم گوتی: کە ئێمە ئیمانێکی سازندەمان نەبوو، لەم حاڵەدا وەك ئاژەڵ لەدارستانێکی ئادەمیدا بەرەڵابوین. کاتێ مامۆستایەکی بێئیمان بۆی باسکردین کە هەموو دەرگاکان داخراون لەهیچ لایەکەوە ئومێدێ نییە، وە باوکێکی بێ باوەڕ کە بەئێمەی گوتبوو دین بریتییە لەکۆمەڵێ پەندی ڕەوشتی، کە عادەتەن لە عادەت و پەیوەندی کومەڵایەتی ناوکۆمەڵەوە سەرچاوەی گرتووە، پیاوی ئاینی پیاوێکی ڕسوایە، و لە هێزە شاراوەکان دەترسێ، پیاوی ئاینی باوەڕی بە خۆی نییە،ئێوەش دەبێ ویژدانتان بکەنە بنچینەی کارتان، ئیتر ئێمە هیچ ڕێیەکمان نەبوو

جگە لەوە هەولبدەین کە ئێمەش لە مەیدانی پێشبڕکێی پارە پەیدا کردنا سوارچاك بین.!!

جەعفەر هەناسەیەکی درێژی هەڵکێشا و گوتی: ئێمەش هەردوو سوارچاکی ئەو مەیدانە بووین، ئەڵبەت ئێمە لەناو خەڵکیدا هەوڵمان ئەدا رووی راستەقینەی خۆمان بشارینەوە، باسی دادگەری و شەرەف و ویژدانی ئینسانیمان دەکرد، هەموو دەمانزانی کە شایەن وترازووی راستەقینە لە کۆمەڵگای سەرمایە داریدا تەنیا پارەیەوبەس، ئینسان لەبیری ئەچێتەوە کە رۆژێ ئەمرێ و مردنیش هەر زۆر نزیکە، دەبا من لەم ژیانە پڕ لەسەرانسەر درۆییەنە ئاسوودە ببم.. ئەگەر چی دەزانم سزایەکی گەورە چاوەڕوانی منە، بەلاّم بەلای کەمەوە لەم دۆزەخەی ریاکاری رزگارم دەبێ..من باش دەزانم کەسلاّوی گەرمی ئاشنایان و دۆستان هەمووی دەستکردە و لەدڵەوە نییەو هەموو دەمانەوی یەکتر هەڵخلەتێنین.. نەفرین لەوکەسەی کە ئێمەی بێ باوەڕکرد و ئێمەی وەك ئاژەڵێك، بەڵێ وەك ئاژەڵێك لەم جەنگەڵە تاریکەی دنیای ئەمڕۆدا بەرەلاّ کرد..

قاسم بەناڕەحەتیەوە گوتی: برام قسەکانت راستن، ئەمشەو پێش ئەوەی تۆ تەلەفوون بکەیت من بیرم لەژیانی پووچی خۆم دەکردەوە، هەموو هەوڵی من بۆ بەدەستهێنانی پارەیە، تاچەند تابلۆیەکی کۆنی پێ بکڕم، لەراستیدا نازانم ئێمە دڵمان بەچی خۆش کردووە؟ ئێمە وەك منداڵێکمان لێ هاتووە کەدڵی بە شتی یارییەکانی خۆش دەبێ. پێشان کە دەرگاوانی نەخۆشخانە لەبەردەم ترومبێلەکەمدا ئەوەستا و سەری رێزی بۆ دا ئەنەواندم من نوقمی خۆشی و شادی ئەبووم و غروورم پێ پەیدا ئەکرد، بەلاّم کەحەفتەیەك لەبیرم چوو بەخششەکەی بدەمێ بەرگوێم کەوتەوە کە لەکاتی سەرخۆشبوونیا خراپترین جنێوی ناشیرینی پێداوم..

قاسم ویستی بەردەوام بێ لەقسەکانیا، بەلاّم کەسەرنجیدا چاوەکانی جەعفەر بزوانیان نەما، بە ترس و پەژارەیەکەوە گوتی: ئای برا، نابێ تۆ بمری!!

بەلاّم مەرگ وژیانی جەعفەر بەدەست ئەو نەبوو، ئەو کە رۆژێ پێشتر پڕ لەغرور و خۆ بەزلزانین و ئیددیعا بوو، دنیای بۆ هەمیشە بەجێ هێشت و مرد.

قاسم بەهۆی مەرگی براکەیەوە شپرزە ببو، ئەمە بۆ پزیشکێك هۆی سەرسامی بوو. چونکە قاسم تا ئەوکاتە مەرگی دەیان نەخۆشی دیبوو، خۆی نەیدەزانی کە بۆچ مەرگی براکەی ئەوەندە کارکردێکی گەورەو سامناکی لەسەردڵ ودەروونی ئەوا هەبوو.

ئەوەی بووە هۆی ئەوە کە قاسم ئاوەها سەرسام بێ لەواقیعدا مردنی براکەی نەبوو، ئەو دیتی کەبراکەی هەموو شتێکی خۆی داناو رۆیشت. جەعفەر کە بەهیوا بوو ساڵەهای ساڵ زیندووبێ و لەژیانی ئەشرافی و ئاغایەتیدا بمێنێتەوە کەچی لەناکاودا مرد. مەرگێ کە هەرگیز چاوەڕوانی نەدەکرد، و ئێستا ئەو خانوە بەرزەی کە دیوارەکانی بە مەرمەڕی سەوز داپۆشیبوو، ئەو کۆشکە گەورەی لەباکوور دروستی کردبوو، و ئەو ترومبێلەی کە سێسەد هەزار تمەنی پێدابوو، هەموویانی بەجێ هێشت.

قاسم کەسەیری لاشەی براکەیخۆی دەکرد ولە بیر کردنەوەدا بوو، ناکاو گوێی لەتایەی تروومبێلەوە بوو کە زۆر بەتوندی لەجادەکە خشا، و پاش کەمێکیش دەنگی خۆ بەیەکدانی دوو ترومبێلی بەرگوێ کەوت. قاسم سڵەمیەوە و بێ ئیختیار بەرەو پەنجەرەکە رۆیشت و سەیرێکی جادەی دەرەوەی کرد، رووداوێکی زۆر سەیری دی، لۆرییەکی گەورە بەتوندی خۆی بە ترومبێلەکەی ئەوا کێشابوو!!

قاسم ئەیزانی کەمتەرخەمییەکە لەمەوەیە، لەبەر ئەوەی کەبەپەلە بۆ دیتنی برا نەخۆشەکەی لەنەخۆشخانەدا هاتبوو، ترومبێلەکەی خۆی تەقریبەن لەناوەڕاستی جادەدا بەجێ هێشتبوو، و سەرەنجام ئەو پێدادانە روویدابوو.

قاسم بەگورجی لەژورەکە چووە دەرێو خۆی گەیاندە شەقامەکە، لەترومبێلە گران قیمەتەکەی ئەو جگە چەند پارچەیەك ئاسن شتێك نەمابووەوە. رۆیشتە پێشترەوەو سەیرێکی پارچە ئاسنەکانی کرد. ئەو لۆرییە گەورەیەی خۆی بەترومێلەکەی ئەما کێشابوو زیانێکی وای لێنەکەوتبوو. سایەقەکەی هاتبوە دەرێو پاڵی بەوەوە دابوو، قاسم دەیزانی کەخۆی مافی هیچ جۆرە نارەزایی دەربڕینێکی نییە، چونکە هۆی بنەڕەتی پیکدانەکە ئەو بووە کە ترومبێلەکەی خۆی لەناوەڕاستی شەقامەکەدا بەجێ هێشتووە، و خۆی گەیاندۆتە نەخۆشخانەکە.

لەهەمان کاتدا رووداوێکی تر لەماڵی قاسمدا رووی دابوو، هەر وەك باسمان کرد ئەو بۆ دیتنی براکەیخۆی ئەوەند بەخێرایی بەرەو نەخۆشخانە رۆیشت دەرگای خانوەکەیشی دانەخستبوو، لەسەعات دووی دوای نیوە شەو لۆرییەك لەبەرامبەر ماڵیانەوە دەوەستێ، سێ کەس لە لۆرییەکە دێنە دەر و بەئەسپایی دەچنە خانوەکەی قاسمەوە، ئەوانەش سێ دزی کارامە دەبن، کاتێ دەبینن دەرگای ماڵەکە کراوەیە دەیانەوێ ناو ماڵەکەی تاڵان بکەن.

ئەوان لە کاری خۆیانا کارامەیی ولێهاتوویيەکی باشیان هەبوو،

چونکە لەماوەی تەنیا سەعاتێکدا هەرچی شتی ناومالّی ئەو هەیە هەموویان پێچابوەوەو بردبوویان. هەموو قالّییە گران قیمەتەکان، تاقمی قەنەفە گرانەکە، هەرچی کاسەو کەوچکی چینی تیابوو، هەموو ئەو تابلۆ گران بەهایانەی کە لە هەندەران هێنا بوونی.

پاش سەعاتێ ئەو لۆرییەی کە ناومالّەکەی هەلگرتبوو، لەبەردەم مالّی قاسمدا رۆیشت، خانووەکە تەنیا دیوار و چوارچێوەکەی مابووەوە، لەو هەموو پەردە رەنگینە گران قیمەتانە، تابلۆکان، و قالّیچەکان هیچ نیشان و شوێنەوارێ نەمابو.

رۆژی دوایی قاسم لەگۆڕستانا لەسەر گۆڕی براکەی خۆیا بوو. دوێنێ ئەم کاتانە هەموو شتێکی هەبوو، بەلاّم ئێستا هیچ. سەعاتێ لەمەوبەر لەمالّ خالّیەوە لە هەموو شتێ ئاگادار کرابووەوە، ئەو دوێنێ هەرگیز نەدەهات بەخەیالّیا کە لەماوەی شەو ورۆژێکدا هەموو مالّ وسامان و براکەیشی لەناو بچێ. ئەومالّ و سامانەی بۆ بەدەستهێنانی هەموو رێیەکی خراپ و ناڕەوای گرتبوە بەر.

قاسم ئێستا پەیی بە بێهوودەیی ئەو هەموو هەولّەی بردووە، ئەو پاش مردنی براکەی یەکێ لە هاوەلّە کانی بردبوویە مالّی خۆی، چونکە لەمالّ قاسمدا تەنیا راخەرێك نەمابوو.

لەمالّ هاوەلّەکەی رۆژنامەکانی ئێوارەیان بۆ هێنا، لە خانەی پرسەو سەرخۆشی رۆژنامەکەدا دەیان کەس سەرخۆشیان بۆ ناردبوو، لەناو ئەوانەدا ناوی ژمارەیەکی زۆر لە سەرۆکی نەخۆشخانەکان، پزیشکان، و کارگێڕانی وەزارەتی تەندروستی بەرچاو دەکەوت. بەلاّم قاسم لەوە خەمبارتر بوو کە بایەخ بەو ناوانە بدات، ئەو تەنانەت مەتنی پرسە نامەکانیشی نە دەخوێندەوەو لە خەیالّی ئەوەدا بوو کە چۆن هەموو شتە نرخدارەکانی دنیاو ئەم ئەندازە ژیانەش دەوامیان نابێ.

ئەو سوێند نامەکەی کاتی ئیجازە وەرگرتنی پزیشکی یاد کەوتەوە، پاشان ئەو هەموو جیاوازی کردنەی خۆیشی لەنێوان نەخۆشەکاندا، ئەو رەفتارە دو فلیقانانەی بەرامبەر نەخۆشە هەژارەکان و نەخۆشە دەولّەمەندەکان دەیکرد. پاشان قسەی ئەو نەخۆشەی کە بەهۆی ئەو رەفتارە نا مرۆڤایەتیانەیەوە وەك کوتەك ئەی مالّی بەسەریاو سەر زەنشتی دەکرد. قاسم هەستی دەکرد کە لە کردەوەکانی خۆی بێزارە، ئەم پرسیارەی بۆ هاتبوە پێش کە:" ئایا ئینسان چەندە ئەژی تا لەبەرئەوە دەست بداتە هەموو خراپەیەك؟"

# # #

چەند رۆژێ دواتر عیماد لەسەفەرەکەی هاتەوە، مەرگی جەعفەری برای و ئەوانەی بۆ قاسمی برای روویان دابوو، زۆرخەم و پەژارەیان بۆ دروست کردبوو. بەڵام ئەو لەو کاتەوە کە لەتەك حوسەینا لە ناو شەمەنەفەرەکەدا ببوە ئاشنا پیاوێکی تری لێ دەر چووبوو.

ئەو ئیترخەرافات و هەندێ باوی کۆمەڵایەتی هەڵەی بە شتێکی بنەڕەتی ناو دین نەدەزانی. ئەو گەیشتبووە چاوکراوەیی، ئەو بێدارییەش یەکەم هەنگاوە لە جیاکردنەوەی رێی حەق وباتڵدا.

رواڵەتی شکاوی قاسم وای پیشان دەدا کە تا چ ئەندازەیەك لەژیان بێزارە. ئەو هەموو سامانەکەی لە رۆژێکدا لەکیس چووبوو.

پاش ئەوە عیماد بڕیاری دا کە لەنووسینەکانی خۆیا گۆڕانکارییەکی تەواو بکات. بۆیە شیوازی خوێندنەوەو موتالای خۆی گۆڕی.

ئەو تا پێش ئەو کاتەش بەچاوێکی سووکەوە سەیری کتێبە ئاینییەکانی دەکرد تەنانەت ئامادەش نەبوو کە تەنیا لاپەڕەیەکیان لێ بخوێنێتەوە. بەڵام ئێستا پەیوەندییەکی تایبەتی لە تەك خوێندنەوەی کتێبە ئاینییەکانا پەیداکردووە.

ئەو کاتێ کە گەیشتە حەقیەقەتی ئیسلامی راستەقینە دڵی بەدووشت پڕ بوو: لەلایەکەوە بە شادی چونکە بەهۆی پێك گەیشتنێکەوە کەبەڕێکەوت لەتەك حوسەینا رووی‌دا رێڕەوی بیرو بۆ چوونی گۆڕی. لەلایەکی ترەوە بەڕق وکینە چونکە کەسانێ کە بەکردەوەی ناپاك و خراپی خۆیان رواڵەتی ئاینیان وا ناشیرین کردووە، کە لاوانێکی زۆری وەك ئەویان والێکردبوو لەدین رابکەن و بێزیان بێتەوە.

ئەو بەرامبەر ئەو کەسانەی کە لەبەر سوودی تایبەتی خۆیان بەوخەرافات وبۆچوونە پووچ و هەڵانە ناڕەزاییان دەر نەدەبڕی زۆر داخ لەدڵ بوو. ئەو هەوڵی زۆری دا تالەنووسینە تازەکانیا خۆی ئەو خراپەو خەرافاتە پڕو پووچانە پیشان خەڵکی بدات.

عیماد رۆژێ لەکاتێکا خەریکی نووسینی وتارێك بوو، ناکاو زەنگی تەلەفوونەکە لێیدا، عیماد گۆشیەکەی هەڵگرت دەنگی نائاشنایەکی بەرگوێ کەوت کە گوتی: ئاغا عیمادی؟

گوتی: بەڵێ خۆمم، فەرموو.

-: ئێرە نەخۆشخانەیە ... زۆر مەمنوون دەبین هەتا بۆت دەکرێ زۆتر بگەیتە ئێرە.

عیماد بە پەرۆشەوە گوتی: بۆچ؟ لەبەرچی؟

-: زۆر ناڕەحەت مەبە، کاتێ گەیشتیتە ئێرە تێدەگەیت..

عیماد بەپەلە خۆی گەیاندە نەخۆشخانە، لەوێ تێگەیشت کە قاسمی برای ویستویەتی خۆی بکوژێ و چەند حەبێکی ترسناکی خواردووە، بەڵام بەهۆی ڕێکەوتێکی سادەوە کەسێ ئاگای لێبووەو پێش ئەوەی گیان بدات ئەوی گەیاندۆتە نەخۆشخانە، قاسم هێشتا لە بێهۆشیدا بوو، عیماد زۆر خەمبار وناڕەحەت بوو، پزیشك لەکاتێکدا دڵخۆشی عیمادی دەدایەوە گوتی: من زۆرم پێسەیرە چونکە براکەی ئێوە لە هیچی کەم نەبوو، نازانم بۆ ویستوویەتی خۆی بکوژێ؟ ئەو یەکێکە لەو پزیشکانەی شاری ئێمە کە دەستکەوتیان زۆرە.

عیماد بە شێوازێکی یەکالا گوتی: پارە خۆشبەختی ناهێنێت. ئەو بەتەواوی گەشتبوە پووچی، جگە لەخۆکوشتن چارەیەکی تری نەبو، ئینسان بەبێ باوەڕێکی بەرهەمدار سەرەنجام دەگاتە پووچی.

لەباخەڵی قاسمدا نامەیەکیان دییەوە ئاوا بۆ عیمادی نووسیبوو:

" برام عیماد، زۆر بەداخەوەم کە بۆ هەمیشە تۆ بەجێ دێڵم، بەڵام ئەگەر ڕاستیت دەوێ چارەیەکی ترم نەبوو، من پیاوێکی هەژار بووم، کەسێك کە نرخی پوولێکی ڕەشم نەبوو، کەسێ کە هەر دەبێ بمرێ، من کۆتاییم بەژیانی خۆم هێنا، چونکە ئەوم بەبێ نرخ دەهاتە پێش چاو.

من و تۆ وجەعفەر بڕوامان نەبوو، لەئەنجادا ژیانمان لەهەموو شۆر وشەوق و هەوڵێکی مەعنەوی بەدوور بوو، سەرت سووڕ دەمێنێ کەباسی شۆر وشەوق و هەوڵی مەعنەوی دەکەم، لەرابوردوودا خۆت ئاگات لێ بوو کە چەندان جار من گاڵتەم بە بابەتە مەعنەوییەکان وخوا پەرستی دەکرد. بەداخەوە من تەنیا لەدوایین ڕۆژەکانی ژیانمدا پەیم بەگەورەیی و نرخی ئەوانە برد، بەڵام تازە زۆر دێر بووە.

باوکی ئێمە خۆی واپیشان دەدا کە بێدینە، هەمیشە هەوڵی ئەدا کە خۆی بە ڕۆشنبیر پیشان بدات. پێی وابوو کە بەدژایەتی کردنی ئاین ڕێز وبایەخی لەناو کۆمەڵدا زۆر ئەبێ، هەوڵی هەمیشەی ئەمەبو وا نیشان بدات کە ئێمەی لەسەر بناغەی ورد ترین و پێشکەوتو ترین شێوازی پەروەردەی ڕۆژئاوایی پەروەردە کردووە.

باوکمان بیری لەوە نەدەکردەوە کەئەو خۆبەڕۆشنبیر پیشاندانەی ئەو بە قیمەتی دابەزین و رزینیزەین وبیری ڕۆڵەکانی تەواو دەبێ. ئەو تەنیا بیری لەشەهادە ئەکردەوە، تەنیا حەزی لەوە

بوو بەخەڵكی بڵێ : كە ڕۆڵەكانی من زۆر هۆشیارن، زۆر زیرەكن، زۆر بە توانان، هەمیشە دەرسەكانیان ئەخوێنن. هەموو زیكر و فیكری ئەو ئەوە بوو كە ئێمە ئەبێ دەرس بخوێنین.

بەسوود وەرگرتن لەو پارەو ماڵەی هەیبوو مامۆستای تایبەتی بۆ دەگرتین، كاتێ كە جەعفەر لە كۆلیجی ماف و من لە پزیشكی خوێندنمان تەواوكردو دەرچووین لەخۆشیا وەختبوو تێك بچێ. هەمیشە هەوڵی ئەدا بەهەر شێوەیەك بێ لە كۆڕو دانیشتنەكانا باسی من بكات وبەغروور وخۆهەڵكێشانێكەوە لەقەبی پڕ بەدەمی دكتۆرم بۆ بەكاربێنێ. هەمیشە ویردی زمانی ئەوەبوو:"دكتۆر وا دەڵێ و دكتۆر بڕوای وایە، دكتۆر..." ئەو ئەوەندە بە دكتۆر بوونی منەوە شانازی كردبوو، ئاگام لێ بوو خەڵكی لەپەناوە گاڵتەیان پێ دەكرد و پێكەنینیان پێی دەهات و ئەو بەخۆی نەدەزانی. ئەو پێی وابوو - بە وەرگرتنی شەهادەی دكتۆری- من گەیشتووم بە چڵەپۆپەی مرۆڤایەتی. بەڵام بەداخەوە من هیچ بیرو باوەڕێكم نەبوو، هیچ شتێكم نەبوو چونكە رووت بووم لەهەموو ئامانجێكی بەرزی ئینسانی. خۆت بەچاوی خۆت دیت چۆن كەوتینە داوێنی خراپەوەو تیایا ڕۆ چووین؟!

كاتێ كەئامانجی سەرەكی ژیان "پارە" بوو، ئەوكاتە خەڵكی ئامادەیە بۆبەدەستهێنانی ئەو هەموو شتێ بخاتە ژێر پێیەوە، و خۆت دیت كەمن چیم كرد و چۆن بووم؟ لەراستیدا تۆ نازانی لەماوەیەكی كەمدا چۆن خۆم ئاوێتەی تاوانەكان كرد!!

با ددان بەتاوانەكانما بنێم، من بۆ پەیداكردن و كۆكردنەوەی پارە پیرە پیاوەكەم كەمكەم ژەهر خوارد كرد، و پاش ئەوە پارەیەكی زۆرم لە میراتگرەكانی وەرگرت، و پاشان كە نزیك بوو ئابڕوم بڕوات و تۆڵەم لەدادگا لێ بسەنرێ ئەوە بوو جەعفەری برام یارمەتی دام ورزگاری كردم..

لە نەخۆشخانەكەی ئێمەدا ئافرەتێ بەسەر دەرمانخانەكەوە بوو، هەندێ لە دەرمانە گران قیمەتەكانی بەدزیەوە ئەبردە دەرەوەو بەدەرمانخانەكانی ئەفرۆشت و پارەكەی لەگیرفانی خۆی دەكرد. من شەرم ئەكەم كەبڵێم بڕێ پارەی بەرتیلم لێ وەرگرت تا رازو نهێنی نەنگینی نەدركێنم و خیانەتەكەی نەزڕێنم. من لەژیانی خۆما مرۆڤێكی خراپ وتاوانبارو هیچ بووم.

ئەمینی باوكمان تا دواین لەحزەی ژیانی داوای لەئێمە ئەكرد كە پێبەندی ویژدان بین و لەفەرمانیئەو سەرپێچی نەكەین، بەڵام من لەتۆ دەپرسم: كە چ ویژدانێ؟

ئەبێ ترازووی باشەو خراپە چ بێ؟ لەکاتێکا مرۆڤ ئەتوانێ بەیەك ئاڕاستەی گێلانە سەرپۆش بەسەر هەموو ناپاکییەکانی خۆیا بدات. لەکاتێکا مرۆڤ دەتوانێ بەیەك پێك شەراب دەنگی ویژدانی بتاسێنێ و خامۆشی بکات. لەکاتێکا بتەکانی شۆرەت و جینس(سیکس)و پلەوپایە پەرستی چاوی دڵی ئینسان کوێر دەکەن، ئیتر ویژدان دەتوانێ چ دەورێکی هەبێ؟

ئەگەر مرۆڤ لە دەسەڵاتێکی باڵاتر بەناوی خودا نەترسێت و بەدادگای خوایی باوەڕی نەبێت و قیامەت و پاشەرۆژ بەگاڵتە بزانێ ئیتر دەنگی ویژدان لەژیانی ئەو کەسەدا چ کارکردێکی ئەبێ؟

بەڵێ برا ، کاتێ باوکمان ئێمەی بەبێ ئاینی پەروەردەکرد، پەیوەندیمان بەخواو پاشەرۆژەوە نەبوو، باوەڕمان بەهیچ شتێ نەبوو، نەبەو دەسەڵاتە گەورە هەمیشەییەی کە حوکمی هەموو بوونەوەر دەکات، و نەبە زیندووبوونەوە، و نە بە مرۆڤایەتیش. ئێمە تەنیا خۆشی خۆمانمان دەویست.

هەر هۆی ئەمەش بوو بەتەوقی سەرا کەوتین، ئەویش چ کەوتنێ... لەناو ئێمەدا تۆ لەهەموان بێوەی تر بووی.. لەوانەشە هۆی ئەوەبێ کە هەر لەیەکەم رۆژەوە تۆ پەیوەندیت بە پارەو مادیاتەوە کەمتر بوو.

باوکمان هەمیشە بەئێمەی ئەگوت زانیاری فێربن، زانیاری فێربن، زانیاری هەموو شتێ بەئێوە دەدات!! ئەو وایدەزانی زانیاری هەموو شتێکمان ئەداتێ وموشکیلەو گۆبەندەکانمان بۆحەل ئەکات. بەلاّم ئەو نەیئەزانی کەزانیاری(عیلم) لەسەر چەندان فەرەزیات بیناکراوە، و هەر لەحزەیەك قابیلی ئەوەیە ئەوفەرەزیانە هەڵە بن، ئەو نەیئەزانی کە عیلم بەتەنیا توانای نییە کە بڵێ:"جیهان لە کوێوە هاتووە" و "بۆ کوێ دەچێ"؟

باوکمان بایەخی زۆری بە زانیاری دەدا و ئێمەشی بۆ فێر بوونی ئەو هان دەدا، و لەئەنجاما ئێمە بووینە زانا و (عالم)، بەلاّم نەبووینە ئادەم، لە مرۆڤایەتی دوور بووین. خۆ دیاریشە کە "عالمێ" ئەگەر خووی "ئادەمی" نەبێ، دەبێ چ دڕندە یەك بێ؟!

براکەم، من هەموو شتێکی خۆمم لەدەست چوو، خۆ ئەش توانم لەکارەکەمدا بەر دەوام بم، و جارێکی تر پارە کۆ بکەمەوە، و دیسان خەڵکی تالاّن بکەم و بە دوو ڕوویەکەی خۆم هەموان بخلەتێنم، بەلاّم لەبەر چی؟ من گەیشتمە پووچی، کەوابوو بێڵە با دوایی بە ژیانی خۆم بێنم. با بمرم، براکەم تۆ ناتوانی ئیحساساتی من تێبگەیت، بەلاّم دڵنیابە کە ئەوەی بە هیچ شتێکەوە پێبەند نەبێ دواین ژیانی هەر وا دەبێ..

من مەرگم هەڵبژارد و بۆ هەمیشە لە تۆ خوا حافیزی دەکەم.

برای خۆت: قاسم."

پزیشك گوتی: بەڵێ، سەعاتێکیتر شوێنەواری ئەو دەرمانە مەترسیدارە لە لەشیا نامێنێ و دێتەوە سەر خۆی. ئێمە هەوڵێکی زۆرمان بۆ داوە، خۆشبەختانە هەوڵەکەمان بەئەنجام گەیشتووە، بەڵام ئەو دەبێ تەنانەت پاش هۆش هاتنەوەیشی چەند رۆژێ لە نەخۆشخانەدا بمێنێتەوە تا بەتەواوی چاك دەبێتەوە..

# # #

قاسم چاوی هەڵێنا و کە چاوی بە عیمادی برای کەوت ناوچاوی دا بەیەکداو گوتی: ئەوە من هێشتا هەر ماوم؟

-:بەڵێ براگیان، پزیشکەکان بۆ رزگاری تۆ زەحمەتێکی زۆریان کێشاو لەکارەکەشیاندا سەرکەوتوو بوون.

ئاخ، من نامەوێ بە زیندوویی بمێنم. نامەوێ بە زیندوویی بمێنم. من پیاوێکی خراپم، باشتر وایە لەم دنیایەدا نەمێنم. بێڵن با بمرم و دنیا لە بوونی چەپەڵێکی وەك خۆم پاك بکەمەوە.!!

عیماد لەسەر خۆ گوتی: برای من، دیسان ئەم بێهیوایییە قووڵەیشت هەر هۆی بێ ئیمانییە، بۆچ تۆ نازانی کەخوای گەورە تۆبەی بەندەکانی خۆی وەردەگرێو لێیان خۆش دەبێ؟ مرۆڤ هەرچەند خراپەکاربێ مادام پەشیمان ببێتەوەو بەڕاستی تۆبە بکات خوا لەگوناهەکانی خۆش دەبێ. وەئەگەر بڕیاری خۆ رزگار کردنی دا سەر کەوتوو دەبێ.

قاسم گوتی: برا، من چۆن ئەتوانم تۆبە بکەم، ئایا بە تەنیا پەشیمانی لەکارەخراپەکانی من بەسە؟

نە، برام، نە. تەنیا پەشیمانی بەس نییە، تۆبە یەعنی گەڕانەوە، ئێمە هەرسێکمان لەسەر رێیەکی نا مرۆڤانە بووین، بەرێیەکا ئەڕۆیشتین کەبە سامان کۆکردنەوە کۆتایی دەهات، کەوابوو ئەبێ ئێمە دەست لەم رێیە هەڵبگرین وبەرێیەکدا بڕۆین کە بەرەو خوا(الله)مان ببات، ئەم رێیەش یەعنی رێی تێکۆشان بۆ خۆش گۆزەرانی مرۆڤەکان، مرۆڤ لەم رێیەدا ئەبێ واز لە بێ موبالاتی وبیری خۆ پەرستانە بێنێت. بێگومان گرتنەبەری رێیەکی وایش ئاسان نییە، مرۆڤ دەبێ لەتەك هۆکارەکانی نەفامی وستەما لە نەبەردا بێ. ئەومرۆڤانە بیدار بکاتەوە کە دڵتاریکن و لەرێی خوا دوور کەوتونەوە تا ئەوانیش بکەونە سەر رێی راستی خودا. لەم رێگا پڕترس و سەختەدا هەمیشە مرۆڤەکان لە نە سەرەوتی دان. دوشمنانی خواو خەڵکی و ئەوانەی دەیانەوێ مرۆڤەکان

هەمیشە لەتاریکی نەفامیدا بن لەهەرتاوێکدا لەوانەیە مرۆڤەکانی ڕێی ڕاستیخوایی بگرن وئازاریان بدەن.

مرۆڤەکانی ئەم ڕێگا پڕ مەترسییە لە ناو قوللەی عاجی وخۆشگوزەرانی و لەزەتەکانی ڕۆژگاردا دێنە دەر و ناکاو خۆیان لە نێوان دەریایەك گۆڵەزو گۆبەندا ئەبیننەوە کە دوشمنانی خواو خەڵك بۆیان دەسازێنن، کەسانی بێ ئیرادە و ئەوانەی کە بەراستی لە بیری ڕزگاری خۆیانا نین بەکەمترین نارەحەتی لەڕێی خوا لادەدەن و ڕێی ژیانی پڕ لەخۆش گوزەرانی و ئاسایشیخەیاڵی هەڵدەبژێرن. دیسان ئەو ژیانە هیچ و پووچە دەست پێدەکاتەوە، ڕۆژ بەدوای شەو، و شەو بەدوای ڕۆژا دێت، و هەروەك مامۆستایەك گوتی: هەر مرۆڤێك سێ ڕووی هەیە: یاپاکە، یاپیسە، یالەو نێوانەدایە، تۆش ڕێی خۆت هەڵبژێرە، لەگەڵ چاکدایت یاخراپدا؟ لەگەڵ خێریت یا لەگەڵ شەڕدا؟[١٧]

قاسم بەبیستنی ئەم قسانەی براکەی لەسەر جێگاکەی خۆی نیوە هەستاو گوتی: من ئامادەم ڕێی خوا هەڵبژێرم، ئامادەم لەو پێناوەشدا هەموو قوربانییەك قبووڵ بکەم، ئایا ئەگەر لەمەودوا لە عەیادەکەی خۆما دابنیشم و لە شەو و ڕۆژدا بە چارەسەرکردنی

17- لێرەدا نووسەر وشەیەکی تری بەکارهێناوە کە لە کۆمەڵی کوردەواری ئێمەدا نییە.

نەخۆشانی هەژارەوە خەریك بم، و بەشێك لەو پارەیەی کە لەدەوڵەتی وەردەگرم دەرمانی پێ بکڕم وبەخۆڕایی بەنەخۆشە هەژارەکانی بدەم ئەتوانم قەرەبووی خراپەکانی رابوردومی پێ بکەمەوە؟!

عیماد بزەیەکی بۆ کرد و گوتی: ئەڵبەتە ئەم کارانە باش وچاکن، بەڵام ئەمە تەنیا هەنگاوێکن، و هەنگاوێکی زۆر بچووك، کارێ کە بەتەدریج ببێتە هۆی ئەوە مرۆڤ بەرەو خۆ خڵەتاندن وغەرڕایی ببات، ئەوەیە کە مرۆڤ وابزانێ کارێکی زۆر دەکات.

قاسم چاوەکانی نا بەیەکداو گوتی: کەوا بوو بۆ ڕزگاربوونی خۆم و قبووڵبوونی تۆبەکەم ئەبێ چی بکەم؟

عیماد گوتی: گومان لەوەدا نییە ئەگەر تۆ بیست وچوار سەعاتە کار بکەیت تەنیا ژمارەیەکی کەم لە نەخۆشە هەژارەکان چارەسەر دەکەیت، دەبێ تۆ لەگەڵ چارەسەرکردنی نەخۆشە هەژارەکاندا هەمیشە لەبیری ئەوەدا بیت ئەوکار کردانە چین کە بونەتە هۆی ئەوە کۆمەڵێ خەڵك لە بێ دەرمانیدا زەحمەت بکێشن و ئازار بچێژن و سەرەنجام لە ناو دەرد و نا ئومێدیدا گیان بدەن. ئەگەر سەرکەوتوو بووی لە دۆزینەوەی ئەو کارکردانەدا، ئەوکاتە ئەبێ هەوڵ بۆ لەناو بردنیان بدەیت.

مـن و تـۆ ئـەبێ لـەبیری رزگارکـردنی هەموو نەخۆشەکاندا بین، بـێگومان ئەوانــەی کــە دەیانــەوێ خــەڵکی لەبــەندەیی و تــاریکی ونەخۆشـی ونەفامـیدا بێڵـنەوە، لـە بەرامبەر من و تۆوە دەوەستن و بـارانی تۆمـەت بەسـەرمانا دەبارێـنن، گۆبـەندی واقـیعی لێرەدایە و مـرۆڤی خـاوەن ئـیرادە ئەوەیـە کـە لـەم رێـیەدا لـە هـیچ گۆبـەندێك نەترسێ و بۆگەیشتن بەئامانجی خوداییخۆی  هەمیشە هەوڵ بدا.

قاسـم بەبیسـتنی ئـەم قسانە وەك حـاڵ حـاڵی لێ هاتبوو گوتـی: سـوێند بـەخوا کـەمن تۆبەم کرد و رێی خوام گرتەبەر ئیتر نامەوێ بمـرم، ئێسـتا ژیـان مەعـنایەکی تـری لـەلای مـن هەیـە، و ئامادەنیم گـیانم بـێهودە لەدەسـت بدەم. هیوادارم کە رۆژێ بتوانم بەکردەوەی چاکی خۆم قەرەبووی کردەوە خراپەکانی خۆم بکەمەوە.

عـیماد ئاهـێکی قووڵـی هەڵکێشاو گوتـی: منـیش هـەروەها، ئێمە بـەو پەیمانـەی کەئێسـتا لەتـەك خـوای خۆمـاندا بەستمان، ژیانێکی ترمان بەدەست هێناوە.

# # #

کۆتایی.